# کەرکوک و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا

## ئەحمەد دەشتی

شتێکی دیارو ئاشکرایە وەرنەگرتنی پەند لە لایەن دەسەلات دارانی ئەمڕۆی عێراق و جێ بەجێ کردنی کردەوەکانی سەدامی دژ بە کوردو کاردستان و لانەبردنی هەموو ئەو ڕامان و هەنگاو و یاساکانی دژ بە خاکی کوردستان کە لە ڕۆژگارانی سەدامی خوێنڕێژ بە سەر گەلی کوردستان بە گشتی و بەسەر گەلی کورد بە تایبەتی هەر بمێنتەوە و وەلا نەدرێن و سیاسەتە شوۆڤێنی و دژە کوردو عارەباوی کردنی هەموو ئەو شوێنانەی کە ڕژێمە گۆڕ بەگۆوڕ بوەکەی سەدامیان دایان ڕشت بە نیازی نەهێشتنی کوردو سڕینەوەی ناوی کوردستان لە سەر ئەو هەموو شوێنانەی کە عارەباوی کراون ، بە تایبەتی بە سەر شاری کەرکووکی دڵی کوردستان دا کە هەر ئاوا لە پەرە پێدانی هەمان مانەوەی سیاسەتی عارەباوی کردن دابن و نیازی دیاردە گلاوەکانی ئەوانەی کە هەتا ئەمڕۆ پێ لە سەر مانەوەی یاسا بەزۆر دارڕاو و داسەپاوەکەی بەعسیە خوێن ڕێژەکان دادەگرن ، گەلێ لەو سیاسەت و یاساکانی کە بە سەڕ خەلکی کوردیان داسەپاندووە و هەتا ئەمڕۆش گەلێک لەو یاسایانە هەروا پیادە دەکرێن و هەر ماوە و زۆر لەو کەسانەی کە ئێساش ئەسرین بۆ سەدامیان هەڵدەڕێژن و هەرهەمان کەسانن کە پاڵ بە پاڵی سەدامیان ئەو هەموو کارەسات و جنایەت و وێرانی وکوشت و کوشتار و شەڕ و نائارامیان لە ماوەی نەزیک بە چڵ ساڵ بە سەڕ تەواوی خەلکی عێراق دا بە تایبەت بە سەر خەلکی کوردیان هێناوە و دایان سەپاند و کە کەسێک ناتونێ نکۆڵی لە دڕندەیی و هەستی گلای بەعسیە مرۆکوژەکان بکاتن،دەبینین ئەمڕۆش هەمان دەست و پێوەندەکانی ئەو ڕژێمە دکتاتۆرە و مرۆ کوژە کە دیسانەکە دەیانەوێ ئەو ڕۆژگارانە بە تایبەتی دژ بە کورد زیندوو بکەنەوە،ئەمەش پەرە پێدان و هاوکاری لە سیاسەتی بە عەرەباوی کردن و واز لێ نەهێنانی ئەو سیاسەتەیە کە هۆکاری نەگەڕانەوەی ئاوارە و دەر کراوەکانن لە شوێنی باوک و باپیرانی

خۆیان و هێشتنەوەی عارەبە ئاوردەکان کە بە زۆری زۆرداری لە سەر ماڵ و شوێن و جێگای کورد دامەزراون و هەتا ئەمڕۆش هەر ئاوا ماونەتەوە و بگرە هەولیش دەدرێت کە هەر ئاوا بمێننەوە و چارەسەری نەکرێت و لە داهاتوودا دیسان ڕۆژگارانی شەر و ناخۆشی و سیماکانی ڕابووردووی کە سەدامی دکتاۆر بەسەر کوردو کوردستانیان هێناو ئەمڕۆش دوبارە دەبێتەوە و گەلێ لە بەرپرسیارانی کۆنە بەعسی کە هەر ماون دەیانەوێ هەمان سیاسەتی شۆڤێنیانە بە کار بەرنەوە،دەبینین کە لە شارێکی وەکو شاری کەرکوک بەبێ ئەوە هیچ چارەسەریەک لە گەڕانەوەی کەرکوک بۆ سەر ناوچەی کوردستان و گەڕانەوەی هەموو شارو شارۆچکەکان بۆ سەر پارێزگای کەرکووک و توڕدانی هەموو سیاسەتەکان و یاساکانی سەدامی لە سەر کوردستان و شاری کەرکوکی عەرەباوی کراو دا پێیان دا دەگرن لە سەر ئەنجام دانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک تەنیا لە بەر ئەوەی کە کورد لەم هەڵ و مەرجەدا کە کەرکوکی تیایە زیانی پێ دەگات و بەس ئەمەش دیارە کە بێ بەش کردنی 70000هەزار ئاوارە لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنێ پارێزگای کەرکوک بۆ خۆی پەرە پێدانی سیاسەتی عەرەباوی کردن و پیادە کردنی هەستە گڵاوەکانی بەعسیە دڕندەکانە، خۆ ئاشکرایە کە بەم شێوەیەێ ئەمڕۆ و هەڵس و کەوتەکان هیچ تروسکەیەکی چارە سەر کردن و لابردنی یاساکانی سەدامی دژ بە کورد و کوردستان نابیندرێ و وەدی ناکرێت و ئەمەش بۆخۆی هۆکارێکی گرنگە لەسەر سەقامگیرنەبوونی ئاسایش و ئارامی و پەند وەر نەگرتنە لەو هەموو کارەساتە ناخۆش و بەسەرهاتە پڕ لە جنایەتەکان و ڕوداوەکانی تاڵی ڕابووردوو،کابرایەکی وەک یەحیا حەمیدی ئەگەر دڵسۆزی ئارامی و ئاسایش و خزمەت بە ئاشتی نێوان خەلکی عێراق بێت ئەوا هەرگیز هەق بە خۆی نادات کە وەک بەرپرسیارێک 70 هەزار کوردی ئاوارەی کەرکوک لە مافی دەنگ دان بۆ هەلبژاردنی ئەنجومەنی شاری خۆیان واتە شاری کەرکوکی دڵی کوردستان بێ بەش بکات و نیازە گڵاوەکانی سەدامیان پەرە پێ بدات و کارەساتەکانی ڕابووردوو لە

یاد بەرێتەوە،پێم وایە هەر موساوەمەو تەنازولێکیش لە سەر شاری کەرکوک لە لایەن هەرکەسێکەوە بێت بە ناوی کورد دوا ڕۆژ لێ پرسینەوەی لە سەرەو خیانەتێکە لە شاری کەرکوک و دان نان بە دوور خستنەوە و هاوکاری کردنی عەڕەباوی کردنی شاری کەرکوکە و بەس،هەتا ئەو دەمانەی کە هەموو سیاسەتەکان و یاساکانی داڕژاوی سەدامیان و هەموو کردەوە دژ بە مرۆڤایەتیەکانیان بە تەواوی بن بڕ نە کرێن و کەرکوک و هەموو ناوچە کوردنشینەکانی عەڕەباوی کردن نەگەڕێنەوە سەر کوردستان ئەوا پێم وایە هەرگیز ئاشتی و ئاسیش وەدی نایەت و کێشەی کەرکوک بەم شێوەیە هەرگیز چارەسەری ناکرێت و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک لەم هەل و مەرجەدا بە زیانی گەلی کوردە.

25.12.2004